# ڕێگای کوردستان

یەکەمین ژمارەی بە نێوی (ئازادی) یەوە لە نیسانی ١٩٤٥دا دەرچووە

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

نیشتمانێکی ئازاد وگەلێکی بەختیار
دیموکراسی بۆ عێراقو
ماڧی بڕیاردانی چارەنووس
بۆ گەلی کوردستان





هەموو چوارشەممەیەك بیخوێنەوە


هەفتەنامەیەکی سیاسییە، حزبی شیوعی کوردستان دەریدەکات | ژمارە (٧٢٧) | چوارشەممە ٢٠٠٧/٢/٧ | ڕێبەندان٢٧٠٦


## مەکتەبی سیاسی حزبمان
# ئیدانەی کارە تیرۆریستیەکانی کەرکوكو بازاڕی سەدرییە دەکات

لە بروسکە پەیامێکدا وێڕای هاوخەمی لەگەڵ بنەماڵەی قوربانیانی تەقینەوەکانی کەرکوك و بازاڕی سەدرییە ، مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستان ئیدانەی هەموو کارە تیرۆریستیەکاندەکاتە: ئەوەش دەقی بروسکە ماتەمینیەکەیە:
بەناوی مەکتەبی سیاسی حزبمانەوە هاوخەمی و دڵتەنگی خۆمان بە لەدەستدانی ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیانی سڤیل لە کەرکەوك و بازاڕی سەدرییە دەردەبڕین ، هیوای چاکبوونەوەی خێراش بۆ برینداراەکان دەخوازین .
هەرچەندە ئەوە جاری یەکەم و دواجاریش نابێت کە تیرۆریستان ، هاوڵاتیانی بێتاوان و سڤیل دەکەنە ئامانجی کارە نامرۆڤانەکانیان ، بەڵام ئەوەی لە چەند رۆژی رابردوو لە کەرکوك و بازاڕی سەدرییە روویدا ، ئەگەر یەك شت بسەلێنێت ئەویش ، بێ ئامانج و باوەڕی سیاسی ئەو گروپو باندە تیرۆریستیانەیە کە هەوڵی تێکدانی یەکجارەکی رەوشەکەو خستنەوەی دوودڵی لە ریزی هاوڵاتیان بە ئایندەی پێکەوە ژیانو ئاشتی دەدەن. بۆیە ئێمە ئەو کارە ترسنۆکانەی تیرۆریستان ئیدانەو سەرکۆنە دەکەین و باوەڕیشمان وایە بەو کارە دزێوانە ، ئیرادەی گەلانی عێراق و کوردستان لەرزۆك نابێت و تەنها شەرمەزاریش چاوەڕێی مرۆڤە ترسنۆکەکانی گروپە تیرۆریستیەکان دەکات.

**مەکتەبی سیاسی**
**حزبی شیوعی کوردستان**

## هاوڕێ عەزیز محەمەد
# پرسەنامەیەك بە بۆنەی کۆچی دوایی رۆشنبیر (شاکری محۆ) رادەگەیەنێت

هەواڵی کۆچی دوایی کردنی پرۆفیسۆر "شاکری محۆ" لە دڵەوە تاسەبارو نیگەرانی کردم، چونکە کۆچکردوو رۆشنبیرێکی داهێنەرو رۆڵەیەکی سەربەرزو دڵسۆزی گەلەکەمان بوو، بەم بۆنە خەمناکەش پرسەو هاوخەمی خۆم ئاراستەی بنەماڵە ماندوو نەناسەکەیو سەرجەم نووسەرانو رۆشنبیرانی کورد دەکەم.

**عەزیز محەمەد**
**٤/ ٢/ ٢٠٠٧**

## لە دیاریکردنی بودجەی ٢٠٠٧دا
# ناکۆکی دەکەوێتە نێوان لایەنە سیاسییەکان
## کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بۆ کاتێکی نادیار هەڵپەسێردرا

لە کۆبوونەوەیەکی پەرلەمانی عێراقداو دوای خوێندنەوەی بودجەی ساڵی ٢٠٠٧ی عێراق کە (٥١٠٧٢٧٤٨٦٠٠٥) ترلیۆن دینارەو بەشی هەرێمی کوردستان لە سەدا ١٧ی ئەم پارەیەیە،ناکۆکی کەوتە نێوان هەر سێ دەسەڵاتی ئەنجومەنی نوێنەران، کە زۆرینەی پەرلەمانی عێراقیان پێکهێناوە، چونکە هەندێك لایەن هەوڵدەدەن کێشەو گرفتیش بۆ بەشە دیاریکراوەکەی هەرێمی کوردستان دروست بکەن کە هەموولا لەسەری رێککەوتوون. لەلایەکی ترەوە هەر لەم کۆبوونەوانەدا داواکراوە بڕی بودجەی تەرخانکراو بۆ سەرۆکی کۆمارو دوو یاریدەدەرەکەی کە ٧٠ ملیار دینارە کەم بکرێتەوە.
هەروەها ئەو (٤٩) ملیار دینارەش کە بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دانراوە ئەویش کەمبکرێتەوە، چونکە بە بڕێکی زۆرو نایاسایی هەژمارکراوە. هەروەها کێشەی نەفەقاتی هێزی پێشمەرگە لایەنێکی دیکەی ناکۆکییەکانە تا ئێستا هەموو لایەنەکان لەسەری رێکنەکەوتن. لەلایەکی دیکەدا بە هۆی خوێندنەوەی راگەیاندنێکی شێخەکانی عەشایر و هەڵسوکەوتی سەرۆکی پەرلەمان لیستی ئیئتلاف لە کۆبوونەوەکاندا چوونە دەرەوەو کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بۆ کاتێکی نادیار هەڵپەساردرا

# هەردوو وەزارەتی داد یەکدەگرنەوە

پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ٦/ ٢/ ٢٠٠٧ لە رێورەسمێکداو بە ئامادەبوونی سەرۆکی حکومەتی هەرێمو جێگرەکەی، یەکگرتنەوەی هەردوو وەزارەتی داد راگەیەنرا. لە وتەیەکیدا سەرۆکی حکومەت داوای لە وەزیری داد کرد بە خێرایی بە سەرجەم ئەوپرۆژەو یاسایانەدا بچێتەوە کە لە ماوەی رابردوودا دەرکراونو بە جۆرێك هەمواریان بکاتەوە کەلەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستاندا بگونجێن..

## نوێنەری حزبمان لە یەکێتی جووتیارانی کوردستان:
# لە پشت دامەزراندنی جووتیار بە فەرمانبەر سیاسەتێك هەبوو بۆ کڕینی زەوی لەلایەن سەرمایەدارانەوە

بەڕێز بەکر ئادەم کە نوێنەری حزبمانە لە لقی هەولێری یەکێتی جووتیارانی کوردستان لە چاوپێکەوتنێکی پەیامنێری هەفتەنامەکەماندا سەبارەت بە پرسی جووتیارانو بواری کشتوکاڵی وەڵامی چەندین پرسیاری دایەوەو ،سەبارەت بەوەی کە ئێستا بواری کشتوکاڵی لە کزیدایەو بەرهەمە نێوخۆییەکان لە کەمبووندان وتی: ئەوە چەندین هۆکاری هەیە یەکێك لەوانە ئەوەیە ئێستا ٥٠٪ی جووتیاری کوردستان بۆتە فەرمانبەرو هەمووی رووی لە شارەکان کردووە، لە رووی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانو هاندانی کەرتی کشتوکاڵ هێشتا خزمەتگوزاری زۆر ماوە بۆیان بکرێتو هەردوو وەزارەتی کشتوکاڵو ئاوەدانکردنەوە دەبێت بە پلانی وردتر کار بۆ گوندەکان بکەن، سەبارەت بەو پڕۆژە یاساییەی کە ئێستا وەزارەتی کشتوکاڵ لەبەردەستێتی وتی: پێمان خۆشە شتەکان بەپێی یاسا بڕۆنە رێوە، بەڵام پڕۆژەکە دەبێت بۆ هەموو کوردستان بێت، ئەوەتا تا ئێستا ناوچە تازە ئازادکراوەکان لە رووی ئیدارییەوە نەگەڕاونەتەوە سەر کوردستانو کار بۆ گەڕاندنەوەی جووتیاری راستەقینە بۆ گوندەکان نەکراوە.


**دەقی چاوپێکەوتنەکە لە لاپەڕە (٧) دا بخوێنەوە..**


## خاوەن وێستگەیەکی بازرگانی بەنزین:
# گەر حکومەت لە وەرزی هاویندا سوتەمەنی ئەمبار نەکردبێ، تازە بە نیازە ئەمباری بکا!

لە چاوپێکەوتنێکی پەیامنێری هەفتەنامەکەمان لەگەڵ چەند وێستگەیەکی بازرگانی دابەشکردنی بەنزیندا سەبارەت بە بەرزی نرخی بەنزینو کەمیو جەنجاڵی لەنێو شاردا بەڕێز (حاجی شەفیق عەلی) خاوەنی وێستگەی بازرگانی (زیرەك) لە شاری هەولێر لە وەڵامی چەند پرسیارێکی پەیامنێرماندا وتی:ئێستا یەك لیتر بەنزین بە (٩٢٥) دینارەو لەلایەن کۆمپانیای خاکەوە بۆمان دابین دەکرێو جۆرەکەشی باشە سەبارەت بەوەی کە بۆچی نرخی یەك لیتر بەنزین گەیشتە (١٢٥٠) دینار وتی: ئەوە نرخی بۆرسەی بازرگانی لە بازاڕی رەشی هەولێر بوو، ئەوان ئەو نرخانە دیاری دەکەن، ئەگەر زۆربێت بێگومان نرخەکەی دێتە خوارەوە،دواتر وتی حکومەت کەمتەرخەمە لە ئەمبارکردنی سوتەمەنی لە وەرزی هاویندا، بۆیە تازە بەم وەرزی زستانو ساردییە دەیەوێ ئەمباری بکا! سەبارەت بەو بەنزینەی کە لەنێو خۆی عێراقەوە دەدرێت، وتی: ئەوانە تۆڕێکی تایبەت دەیانهێنا، گەر لێم بپرسی چۆن دەیانهێنا دەڵێم نازانم، لەلایەکی دیکەوە بەڕێز (ئیسماعیل عومەر عەلی) خاوەنی وێستگەی (هاوینەوار) لەسەر رێگای شاوێس سەبارەت بە بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی وتی: ئەوە هۆکارەکەی بۆ لێدانو سوتانو تێکچوونی سەرجەم کەلو پەلەکانی پالاوگەی (دۆرە)و دواتر وەستانی پالاوگەی (بێجی) دەگەڕێتەوە.


**دەقی چاوپێکەوتنەکە لە لاپەڕە (٦) دەخوێنیتەوە:**


# ١٤ ملیۆن دۆلار بۆ ٢ پڕۆژە لەهەڵەبجە تەرخانکرا

KRG: لەهۆڵی کازیوەی مندالانی هەڵەبجەی شەهید، دارا یارە نوێنەری سەرۆکی هەرێمی کوردستان تەرخانکردنی بڕی ١٤ ملیۆن دۆلاری بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەی تەواوکاریی گەڕەکی شارەوانی هەڵەبجەی شەهید بەهەردوو بەریەوە لەگەڵ بەدوو سایدکردنی ئەو شەقامەی کە هەڵەبجە بە گەڕەکی شارەوانی دەگەیەنێت راگەیاند، کە تیایدا فوئاد ساڵح قائیمقامی هەڵەبجەو خدر کەریم سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجەو ژمارەیەك لەدانیشتوانی ناوچەکە ئامادەیبوون. دارا یارە وتی: پاش کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ لێپرسراوانی ئیداریو خەڵکی هەڵەبجەدا بەڵێنی جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیەی پێدابوون. هەروەها لەکۆبوونەوەکەدا چەندین داواکاری تر لەلایەن خەڵکی شارەکەوە پێشنیار کرانو ئەویش بەڵێنی پێدان داواکارییەکانیان بگەیەنێت بەسەرۆکی هەرێم.

# پارێزگاری کەرکوك پسوولەی رێگە پێدانی بۆ خێزانە هەڵاتووەکان راگرت

دوای ئەوەی لە لیدوانێکی رزگار عەلی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك بۆ راگەیاندن، گوایە (عبدولرەحمان مستەفا)پارێزگاری کەرکوك ئیمزای لەسەر ٨٠٠ ماڵە عارەب کردووە بۆ شاری کەرکوكو پارێزگار وەڵامی ئەو لیدوانەی داوەتەوە بەوەی هیچ فەرمانێکی دەرنەکردووە بۆ ئەو خێزانانە بەبێ پشتگیری هەردوو حیزبی دەسەڵات، لەهەمان کاتدا عەبدولرەحمان مستەفا پارێزگاری کەرکوك بریاری ئەوەی دەرکردووە بەهەموو شێوەیەك پسوولەی رێگە پێدان رابگرێت وتەنانەت ئەو خیزانانە کە ناسنامەی ساڵی ١٩٥٧ یانیش هەیە.
تا ئیستاش ئەو کێشەیە بەهەڵپەسێردراوی ماوەتەوە ولەلایەکی دیکەدا پەیوەندیدار بەو مەسەلەیەوە لەرۆژی ٤ـ٢ـ٢٠٠٧ پارێزگاری کەرکوك وسەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا بەسەردانێك گەیشتنە بەغدا بۆ تاوتوێ کردنی بودجەی ساڵی ٢٠٠٧ ی کەرکوك وچەندین مەسەلەی دیکەی پەیوەست بە ئاوەدانکردنەوە و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠.

## بەرزکردنەوەی بەهای دینار لە بەرامبەر دۆلاردا
# چارەسەری هەڵئاوسانو گەندەڵی ناکات

لە کانوونی یەکەمی ساڵی رابردووەوە وەزارەتی دارایی عێراق لە هەوڵی بەرزکردنەوەی بەهای دیناری عێراقییە بەرامبەر بە دۆلار، بەتایبەتیو دراوە بیانییەکان بە گشتی، بەپێی ئەو سەرچاوە باوەڕپێکراوانەی لەناو پەرلەمانی عێراقەوە بەدەست رۆژنامەکەمان کەوتووە، لە بەرامبەر لێ خۆشبوونی (٢١) ملیار دۆلار لەلایەن بانقی نێودەوڵەتییەوە لە قەرزەکانی سەر عێراق، دەبێت وەزارەتی دارایی عێراق نرخی یەك دۆلار بگەیەنێتە (١٢٦٠) دیناری عێراقی. پسپۆڕانی ئابووریش لەناوپەرلەماندا باسیان لەوە کردووە کە بەرزکردنەوەی بەهای دیناری عێراقی چارەسەر نییە بۆ ئەو هەڵاوسانو گەندەڵیو بێکارییەی عێراقی گرتۆتەوە، چونکە جگە لەوەی سەرمایەدارەکانی عێراق پارەکانیان بەرەو دەرەوەی عێراق دەنێرن، هەڵاوسانو گەندەڵی گەیشتۆتە سوپاو پۆلیسو دامودەزگاکانی حکومەت.

# گۆهورینا قایمقامێن قەزایێن زاخوو سێمێلێ

ل دویف بەرنامێ کارگێریا پارێزگەهێ یێ گوهورینا دناڤ دەزگەهێن میری دا سپێدێ ١/ ٢/ ٢٠٠٧ ل قایمقامیا قەزا زاخوا ب ئامادەبوونا رێزداران تەمەر رەمەزان پارێزگەرێ دهوکێو چەند بەرپرسێن حزبیو ئیداری رێو رسمێن گوهورینا قایمقامێ نوی بو قەزا زاخو شوینا (قیس صدیق) هاتە دانان. پارێزگەرێ دهوکێ دپەیڤەکێدا دیارکر کو ئارمانج ژ گۆهورینا ئەوە دەلیڤە دانە بو کەسەکێ دی کو رولێ خو ببینیت هەروەسا ئارمانج ئەوە پێش کەفتن ب کەڤیتە کارێن خزمەتکردنێو سوپاسیا قایمقامێ بەرێ کر ل دوور وێ خزمەتا ل سالێن بوری پێش کێش کری، هەروەسا پیرۆزباهی ل قایمقامێ نوی کرو دا خازا سەرکەفتنێ بو خواست. پاش رێزدارێ پارێزگەر سەرا قایمقامیا قەزا سێمێلێ دا ئول وێرێ پیرزباهیا قایمقامێ نوی یێ قەزا سێمێلێ کرو داخازا سەرکەفتنێ بو خواست، هەروەسا سوپاسیا قایمقامێ بەرێ کر ل دوور وێ خزمەتا ل سالێن بوری ئەنجامدای، دلایەکێ دیڤە و ل هەمان روژدا ب ئامادەبوونا جێگرێ پارێزگەرێ دهوکێو چەند بەرپرسێن حزبیو ئیداری رێو رەسمێن گوهورینا قایمقامێ قەزا سێمێلێ هاتبوونە گێڕانو ئیسماعیل مستەفا شوینا محەمەد حەسەن هاجانی هاتبو دانان وەکو قایمقامێ نوی بۆ قەزا سێمێلێ.

# ئەوانەی هەڵگری پاسەپۆرتی جۆری (G) نەبن ناتوانن بچنە ئوردن

**ئاژانسەکانی هەواڵ:**
سەرچاوەیەکی ئاسایشی ئوردن رۆژی دووشەممەی رابردوو ٥/ ٢/ ٢٠٠٧ رایگەیاندووە کە حکومەتی ئوردن خەریکە رێنمایی تازە دەربکات،تاکو رێگەنەدات بەو عێراقییانەی هەڵگری پاسەپۆرتی جۆری (G)نین بچنە ناو خاکی ئوردن، سەرچاوەکە روونیکردۆتەوە کە لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئوردن خەریکی بڕیاردانی هەندێ فەرمانی تازەن کە لێناگەڕێن ئەو عێراقییانەی نیازی سەفەری ئوردنیان هەیەو هەڵگری ئەو جۆرە پاسەپۆرتەنین بچنە ناو ئوردن، بەڵام ئاماژەی بە کاتی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە تازەیە نەداوە. سەبارەت بەو عێراقییانەش کە لە (ئوردن)دا نیشتەجێنو هەڵگری پاسەپۆرتی جۆری کۆنن، سەرچاوەکە رایگەیاندووە کە دەسەڵاتەکانی ئاسایشی ئوردنی مۆڵەتیان دەداتێ تاکو پاسەپۆرتی تازە دەربهێنن. شایانی ئاماژە پێدانە کە نزیکەی (٧٥٠) هەزار عێراقی ئێستاکە لە (ئوردن)دا نیشتەجێن.

# دانانا ئێستگەها بەرهەم ئینانا ٣٠٠ مێگاواتێن کارەبێ ل دهوك

**مهدی گللی:**

ل سپیدەیا ٤/ ٢/ ٢٠٠٧ گورگیس شلێمون جێگرێ پارێزگەرێ دهوکێ پێشوازیا (لاوەند ئەردەمیر) خودانێ کومپانیا گالکون یا تایبەت ب کاروبارێن کارەبێ کر، دهەڤدیتنەکێ دا ب ئامادەبونا رێڤەبەرێن ڤەگوهاستنا کارەبێو بەلاڤکرنا کارەبێو ئێستگەها ٢٩ مێگاواتیو رێڤەبەرێ باژێرڤانیێن پارێزگەهێ، بەحسێ دانانا ئێستگەهێن بەرهەم ئینانا کارەبێ ل پارێزگەها دهوك هاتەکرن، ژلایێ خوڤە جێگرێ پارێزگەرێ بەرهەڤیا کارگێریا پارێزگاهێ بو هەر ئاسانکاریەکێ ژبو سەرکەفتنا کارێ وان دوپاتکر وەکو دابینکرنا پارچەکا ئەردیو هەمی پێدڤیێن دی. هەژی گوتنێ یە کو کومپانیا ناڤبری دگەل وەزارەتا کارەبا هەرێما کوردستانێ رێکەفتی یە (٣٠٠) مێگاواتێن کارەبێ ل دهوکێ بەرهەم بینیتو دماوێ (١٨) هەیڤا کاری تێدا ب دیماهیك بینیت.